# خوێندنو پێگەی قەرەج لە کوردستاندا

فاخر

هەموو خێڵو عەشیرەتێك شوێن یان پێگەیەكی جوگرافی دیاریكراویان هەیە كە تێیدا دەژینو، زۆرجار ناوی شوێنەكە بەناوی عەشیرەتەكانەوە دەكرێت، بەڵام جیاواز لە سیستەمە كۆمەڵایەتییە جوگرافییەكە خێڵی (قەرەج) ناوچەیەكی دیاریكراوی نیشتەجێبوونیان نییەو سنووری هەموو دونیا لەبەردەمیاندا كراوەیە، لە زۆربەی وڵاتاندا هەن، وەنەبێ ناجێگیریو نیشتەجێبوون تەنها خەسڵەت بێ كە قەرەج لە خەڵكی دیكە جیا دەكاتەوە، بەڵكو كاركردنی لە رادەبەدەرو لێبوردەییو هاریكاریكردنی یەكتری جوانترین خەسڵەتیانە

لە كوردستانیش لێرەو لەوێ لە چەند ناوچەیەكی جیاوازدا (قەرەج) دەبینرێن بەتایبەتی لە دەوروبەری شارە گەورەكانی هەولێرو سلێمانی دهۆك، لەگەڵ ئەوەی قەناعەت پێهێنانی ئەو خێڵە بۆ ناكتیڤی بوون لە شوێنێكی دیاریكراودا كارێكی سەختە، بەڵام مەحالیش نییە وەكو ئەوەی ئەمڕۆ لەشاری دهۆك دەبینرێت لەوێ حكومەت ٢٦٤ خانووی بۆ ئاكنجی بوونی قەرەچ دروستكردووە، یانكۆ خاوەنی قوتابخانەن یان سەرەڕای هەموو خاوەنی سەنتەرێكی رۆشنبیری بۆ گەنجو لاوەكانیان دەبینین سەرەتاكانی نیشتەجێبوونیان لەبادینان بۆئەو هەنگاوەی وەزارەتی پەروەردە دەگەرێتەوە كەلەساڵی ١٩٩٨ بەیارمەتی رێكخراوی (مشن) ی فەرەنسی ئەنجامیدا كاتێك قوتابخانەیەكی تایبەتی بۆ دامەزراندن خەڵك سەسورمان بوون، زۆرتریش كەیەكەم مامۆستا بەناوی (فاخر حازم) دامەزراو كۆنترۆڵی منداڵی قەرەجەكانی كرد.

ئێستا قەرەچ لەدهۆك ئاكین نەوە رێژەی ٧٥٪كاری سواڵكردنیان تەرك كردووە.

بەتایبەتی گەنجو لاوەكانیان هەروا منداڵەكانیشیان

زۆرجار زەحمەتە قەرەجێك بڵی تۆ قەرەجی، چونكە هەمیشە خەڵك بەچاوێكی كەم سەیریان دەكەن.

ئەگەر بێتو حكومەت دەستپێشخەر بێت لەهەولێرو سلێمانی ژی دەتوانین هەمان كارەكان بكەین.

لەهەولێرو دارەتوو شاویسو بادوەو كەسنەزان قەرەجی لێیە.

دیارە هەندێك قەرەچ لەرووی ماددییە زۆر زەنگینن، بەڵام لەرووی فكرو رۆشنبیرییەوە ئاستیان نزمە كەواتە دەبێت هەوڵێكی زۆر بدرێت تا ئاستی رۆشنبیریان بەرزببێتەوە.

ئەگەر بێتو ئەو كارانەی لەبەردەستی ئێمەدایە حكومەت هاوكاریمان بكات دەتوانین كۆنترۆڵی هەندێك حاڵەتی ناشارستانی لەناو قەرەچەكاندا بكەین.

هەندێك شت لەناو قەرەجەكاندا كەدەبێت نەمێنێت بەڵام هەندێك شتێتر هەیە پێویستە بمێنێتەوە وەك ئەو پیشەو كارانەی كەهەیانە.

قەرەچ لەناوخۆیاندا دابەش دەبنە سەرچەند بنەماڵەیەك، خۆدان هونەرێكی جوانو كارو پیشەیەكی قەشەنگن، هەروەها خاوەنی ئاخفتنێكی یانكۆ زاراوەیەكی جیاوازن زۆر خەڵك وا هزر دەكات كەقەرەچ تائێستا ناسنامەی نییە، بەڵام وانییە.

لەگەڵ سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ قەرەجەكان بەپێی شوێنی جوگرافی واتە ئەو شوێنەی تیای دەژیان ناسنامەیان وەرگرت، بەڵام حاڵەتێك هەیە كە تا ئێستا چارەسەر نەكرایە ئەویش بۆلەسەر (رەگەزنامەی عێراقی) (استپناو)بۆ كردن؟

بەراستی زۆر شتی جوان لەلای قەرەچ هەیە، بەڵام ئەوانەی كە لەدەرەوەی كوردستان دەژین وەك ئەوروپا بەداخەوە پەیوەندیان لەگەڵ قەرەچی ئێمەدا نییە.



دیاردەیەكی ناشرین باسدەكرێت ئەویش خازوكیو دەروزەكردنە، بەڵام بابفەرموون تائێستا یەك قەرەچ خاوەنی مووچەیە لەوەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی؟ ئەگەر رۆژنامەنووسان یان كەسانی تر دەیانەوێت شتێك بنووسن یان باس بكەن بەزۆری دەچن باسی خراپی قەرەچ دەكەن، بەڵام بۆ باس لەوە ناكەن كەوەزارەتی كار یان منداڵ پارێزی كوردستان یان رێكخراوەكانی مەدەنیو مرۆڤ بەچاوەكی تر تەماشایان ناكەنو ئیش لەسەریان بكات؟

بۆ لە (دهۆك نیشتەجێبوونو رۆشنبیربوون، چونكە پاڵپشتیان هەبوو).

هەندێك شتی جوانتر ئەویش تا ئێستا یەك ئافرت یان كچی قەرەچ نەكوژرایە لەسەر نامووس یان كارەكانی تر.

# هاوسەرگیریی بۆ ٧٠ گەنجی كەمدەرامەتی گەرمیان ئەنجام دەدرێت

نیزام شەبیب ــ گەرمیان




بریار وایە لە دوای چەژنی رەمەزان رێكخراوی خێرخوازیی گەرمیان لە درێژەی پرۆژەی ئاهەنگی هاوسەرگیریی بە كۆمەڵەكانیدا،( ٥ )ەم ئاهەنگ بۆ (٧٠) گەنجی كەم درامەتی گەرمیان ساز بكات ، بۆ ئەو مەبەستەش رێكخراوی ناوبراو خەریكی ئامادەكارییە بۆ ئەو ئاهەنگە .

جەلال هۆرێنی سكرتێری رێكخراوی خێرخوازی گەرمیان بە رێگای كوردستانی راگەیاند " رێكخراوەكەمان ئێستا خەریكی خۆ ئامادەكردنە بۆ سازدانی( ٥ )ەم ئاهەنگی هاوسەرگیریی بە كۆمەل بۆ گەنجان، بۆ ئەو مەبەستە ئێمە لە دوای چەژنی رەمەزان ( ٥ )ەم ئاهەنگی هاوسەرگیریمان بۆ ٧٠ گەنجی كەم درامەتی گەرمیان ساز دەكەین كە ناویان لامان تۆماركراوە ، ئەم ئاهەنگەیش بەدوو بەش دەبێت ، لە سەرەتادا ئاهەنگ بۆ ٥٠ بوك و زاوا بەجیا دەكەین كە مەسروفاتی هەموویان لە لایەن چەند بەرپرسێكی سیاسی شاری هەولێرەوە دابین كراوە . هۆرینی ئاماژەی بەوەدا ئەو كەسانەی كە هاوكاریی كردووین بۆ ئاهەنگە هاوسەرگیرییەكیە داوای زانیارییان كردووە دەربارەی ئەو بووك و زاوایانەی كە لە ئاهەنگە هاوسەرگیرییەكەی ئەمجارەدا بەشدارن .

جلال هۆرێنی ئەوەیشی وت "ئەو ٢٠ بوك و زاوا كەی تر كە بڕیارە ئاهەنگی هاوسەرگیرییان بۆ بكرێت ، لە سەر ئەركی خانمی یەكەمی عێراق هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد هەموو پێداویستیەكانیان بۆ دابین دەكرێت بە پێداویستی ناوماڵیشەوە " .

هۆرێنی لە دوا پەیڤیدا وتی "بە پێی یاسایی رێكخراوی خێرخوازیی گەرمیان ئەو گەنجانەی كە پرۆسەی هاوسەرگیریی دەیانگرێتەوە دەبێ كەم درامەت و هەژار بن.

رێكخراوی خێرخوازیی گەر میان جگە لەم ئاهەنگە كە بڕیارە دوای چەژن ئەنجام بدرێ ، توانیویەتی ١٠١ هاوسەرگیری بۆ كوڕان و كچانی گەرمیان ئەنجام بدات .

جگە لەوەیش رێكخراوی خێرخوازی گەرمیان لە ماوەی ٢ ساڵی تەمەنییدا توانیویەتی خزمەتێكی بەرچاوی هەژارانی گەرمیان بكات .

## ونبوون

مۆڵەتێكی شوفێری (گشتی) بەناوی (سمكۆ عباس رەسول) ونبووە، هەركەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە بارەگای هەفتەنامەی رێگای كوردستان

ڕێگای كوردستان

خاوەنی ئیمتیاز
كەمال شاكر

سەرنووسەر
هەندرێن ئەحمەد
handren88@yahoo.com
Mobil: 0750 4472264
Tel: 0662225147
0662514312

جێگری سەرنووسەر
ئاسۆ جەلال
Asojalal@yahoo.com
Tel:0662220536
Mobil: 07504485724

كاری هونەری و نەخشەسازی
نەبەز مستەفا
Nabaz_77@yahoo.com
Tel: 4492282

نووسینگەی سلێمانی
07701523300 ئاسیا سێل
07301523300 ساناتێل

نرخی (٥٠٠) دینارە
١٢ لاپەرەیە